# بەرژەوەندی بەرتەسکی پارتایێتی هەتا کوێ و بۆچی؟!

رێناس جاف

نێزیکەی 14 ساڵ دەستەلاتی سەربەخۆ بۆ پارتەسەرەکییەکانی باشووری کوردستان وەبزانم بۆ گیرفان پڕکردن و کۆشک و تەلارسازکردن و سەروەت و دارایی و سامان پێکەوەنان، سالانێکی کەم نەبووبێت. ئەوەی بەدرێژایی وان سالان بۆرە ئەندامێکی هەرکامە لەودووپارتەی باشووری کوردستان بووبێت،بە ئەرخەیانییەوە ئەوەندەی کۆکردۆتەوە، ئیدی نیاز و پێویستی بە هیچی دی نەبێت؛لێ وادیارە ئیشتیایان تێربوونی بۆ نییە و ئەوەی بیری لێ ناکرێتەوە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانە.
جاران پێشمەرگەی کوردستان، گیانی لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی میللەت و گەلەکەیدا بەخت دەکرد و لە سەنگەر و مەتەرێزی کوردایێتی دا شەهیدبوون، لای هوموو لاو و گەنجێکی کورد و بگرە لای گشت کوردێکی نیشتمانپەروەر، مەزنترین شەرەف و سەربەرزی بوو. جاران پێشمەرگەی کورد لە سەنگەری خەباتی کوردایێتی دا هەردەم چەکەکەی رووی لە ناحەزانی گەلەکەی بوو.
جاران هێزی پێشمەرگەی کورد حازر نەبوو بستێ لە خاکی نیشتمانەکەی وەبەر دەسدرێژی دوژمنانی بکەوێ. لێ ئێستێ هەرڕۆژە و دەڤەرێکی کوردی، لەبەر ناوشیاری پارتەکوردییەکان دیسانەوە مۆرکی بێگانەی پێدا دەنرێتەوە و لە خاکی پاکی کوردستان دادەبڕێ. ئایا ئەم هەموو بێ حورمەتیکردنە بە گەلی کورد، بێزی بە قازانجی کورد دەرچێ؟!
باشە ئەو گشت سەرنەویکردنە بۆ دوژمنانی بابەکوشتەی کورد، هەر لە بەرژەوەندی کوردایە؟!
بۆ یەکگرتنەوەی دەزگەکانی کوردی یان بە واتایێکی دروستر دووئیدارەکەی کوردستان،هەرکامە لە سەرانی پارتەکان ئەدوێنی دەبێژن جەماوەر نابێ پەلەی لێ بکەن و ئینتیزاری ئەوەیان بێت بە یەک ودوو ڕۆژان هەموو ناکۆکی و کێشەیێک کۆتایی پێ بێت،کەچی لەو لاوە لە حاند دوژمنی بە خوێن تینووی کوردان،ئەوەندە دڵ بە ڕۆحمن و هاسان خۆ بە دەستەوە دەدەن و وا ملی بۆ نەوی دەکەن، ئێژی عومرێکە خزمەتی کوردستان دەکات.
سەردانەکەی ئەم بەینەی" عەمرو موسا"سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی بۆ باشووری کوردستان و پێشوازی گەرمی سەرکردایێتی کورد لەو، بۆخۆ سەلمێنەری هەمان حەقیقەتە. عەمرو موسا هەتا دوێنێ هەموومان چاک دەزانین هەڵوێستی لە ئاست ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کوردا هاتووە چلۆن بووە،تازە ئەمرۆشی بخە پاڵ کابرا لام وانییە تۆزقالێ لە هەمان هەڵوێست پاشگەز بووبێتەوە. تەنانەت هەتا بەوێ ئێستاش ناچێتە ژێرباری ئەو هەموو زوڵم و ستەمی دیکتاتۆری دوێنێی ئێراق لەسەر لاگری کەسانی مینا خودی وی (عەمرو موسا) دەرحەق بە گەلی کوردی کردوویەتی.
ئاوڕدانەوەیێک لە ڕەوشی ژیان و گوزەرانی کولە مەرگی جەماوەری کوردستان و دەرچوون و هەڵهاتنی لاوانی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان و دۆخی تەواو شپرزەی نێوکۆمەڵگە و باری هەرەئاڵۆزی زانستی نێو زانکۆکانی کوردستان و دەستەلاتی نارەوای پارت و حیزبان بەسەر ناوەندەزانستییەکانی کوردستانا ،بۆ خۆ سەلمێنەر و ڕوونکەرەوەی ئەو بارودۆخە ناشیاوەیە ئەمڕۆکە بەسەر باشووری کوردستاندا زاڵە.
من نامەوێ حاشالە دەستەکەوتەکانی پارتەکوردییەکان بکەم.دیارە هەموو کوردێکی خودان ویژدان ئاگای لە مێژینەی خەباتی حیزبەکوردییەکان هەیە و دەزانێ پێشمەرگەی کوردستان بەچەندە قۆناخی دڕکاوی دا گوزەری کردووە هەتا تێکۆشانەکەی بەمڕۆکە گەیاندووە. بەلام سەرکردایێتی ئەمڕۆی کورد دەبێ مامەڵەیێکی ژیرانە دەگەڵ دۆزەڕەواکەی گەلەکەیدا بکات و وردبینانەتر چاو ببڕێتە ئاسۆی نیشتمانەکەی.
هەتا کاتێ کاروانی خەباتی گەل و میللەتێک بە گوێرەی بەرژەوەندی بەرچاوتەنگانەی ناوچەیێک،عەشیرەتێک و پارتێک بچێتە پێش، کاروانی پێشکەوتی ئەو گەلە قەت لە سنوورەکانی هەمان مەحاڵ زێتر تێناپەڕێنێ.
ئەمڕۆکە کۆمەڵگەی کوردی بەداخەوە تووشی گەلێ کەلێن هاتووە و وابچێتە پێش، چی دەستکەوتیشە هەمووی بە توونی ئاوردا دەچێ و دیسانەوە دەبێ هەر گوێڕاڵەکەی حکومەتانی سەردەست بین و بەس.
بەناوسەرکردەکانی ئەمڕۆکەی باشووری کوردستان بۆ خۆ لە نێزیکەوە ئاگایان لەو تەلبەنستانەی هەیە کە ساختە و دەسکردی خۆیانە کەچی هەروا سووک و هاسان بەلایدا تێدەپەڕن و تۆزقاڵێک گوێی پێ نادەن.

ژێرخانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆکەی کوردستان تەواو وێرانە و بەڕێزان جارێ هەرتەنێ سەرقاڵی سەردانی وڵاتانن و هەرکامەیان گەرەکیەتی گۆی مەیدان لەوی دی بباتەوە و لەو پێشبڕکێیەدا پاش نەکەوێ. حاڵ و وەزعی ئەمڕۆکەی کوردستان زۆر لەوە ناهەموارترە بکرێ لە کورتە نووسینێکی وادا جێی بێتەوە.
سەیری شەقام و بازاڕان دەکەی، قەت سیمای ژیانی ئەمڕۆییان پێوە نابینی، سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕاژەکاری بۆ هاووڵاتییان، ئەوە هەر لێی مەپرسە. دەزگە و دایرە و ئیدارەکان هێشتا هەر سێبەرەقورسەکەی ڕژێمی گەندەڵی بەعسییان لەسەرە.ستاف و کادێری نێو هەموو دەزگەیێک یان حیزبینە یانژی هەمان کاربەدەستانی سەردەمی بەعسن. جڤاک و کۆمەڵگەیێک ڕەوشەکەی ئاوابێت، دەبێ چەندە بە دواڕۆژ گەشبین بین!
لەحاڵێکدا هەرلەو کوردستانەدا زۆربەی خەڵک بە دەس هەزاران کێشە و گرفتی ڕۆژانەوە دەناڵێنن، پڕهەنە ئەو کاربەدستە حیزبییانەی گەر بە ڕۆژێ 700 هەزار دۆلاریان لێ بدزرێ وەبزانە هەر نیسکێکیان لێ بزر بووبێت. لە هەل و مەرجێکدا بە مانگ و ساڵ هەزاران گەنجی کورد سەری خۆ لەو کوردستانە هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتە مەحاڵێکی نادیار کە مەترسی ئەوەشی لە بەردەمە ئیدی ڕوو لە کوردستان نەکاتەوە ، زۆرن ئەو خواپێداوانەی بە ڕۆژ و مانگ پارەی دەیان پرۆژان دەترنجێننە گیرفانی خۆ و خەرجی ڕابواردنی خۆیانی دەکەن. کەچی گەر بێتوو لە ساڵا دە یەکی ئەو سامان و پارە، خەرجی کوردستانەکەیان بکەن، دەبێتە هەرێمێکی وا هەموو ساڵێک وەرگری هەزاران گەشتیاری دەرەکی بێت.
باشە تۆ بڵێی ئەو هەموو نەهامەتییە بەچی چاری بێت؟!

5 خەزەڵوەری 2705 کوردی

renascaf@Yahoo.com